www.kurdistannet.org
15-1-2002 20:22

# کامکاران له هۆڵی بیتهۆڤن

**دڵشاد خۆشناو / تاران**

**هۆڵـی ( بیـتهۆڤن )ی سەربە فەرهەنگسەرای بەهمەنی تـاران رۆژانی 27و28و2002/1/29 کۆنسێرتێکی گۆرانی کوردی و فارسی بە خۆوە دەبینێ، ئەم کۆنسێرتە لە لایەن گروپی کامکاران بەڕێوە دەچێت.**

**بەڕێـز هـونەرمەندی نـاوداری ئێـران هۆشـەنگ کامکـار رایگەیانـد کـە :لـە راسـتیدا ئـەو گۆرانـیانەی کـە لەم کۆنسێرتە پێشکەشـی دەکـەین بـە گشتی گۆرانی نوێن و هیچیان دووبـارە بونەوە نیە نە لە فارسیەکان و نە لە کوردیەکانیش،گۆرانیەکان لە لایەن ( بیژەن )و هاوسەرەکەی کە( خاتوو نەجمە تەجەدد حوسەینی )یە وبراژنمان خاتوو مریەم ئیبراهیم پورکە هاوسەری کـاك ( ئەرسـەلان )ی بـرامانە پێشکەشـی ئـامـادە بـووان دەکرێت. گۆرانیە کوردیەکان بریتین لە ( پارچە مۆسیقایەکی تـاکژەنی سـێتار لــە لایــەن قەشـەنگ ) و( گۆرانــی وەرە یارم، شـیعری مامۆسـتـا هـێمن، وئـاوازی ئەرسـەلان )ۆ( شـەو، گۆرانی حەسـەن زیرەك، بەرێکخســتنێکی نوێــوە )و ( پامورووەکانی، شــیعری فۆلکلــۆر)( تــەرە دور، پارچــە مۆســیقایەکی لــوری )و( بەگــزادە هەولێری، شـیعری نـاسـر ئـاغابـرا ، ئـاوازی هۆشـەنگ )و( هەنـارهەنـار، شـیعری ئێراندۆست، رێکخسـتنی بـیژەن ). ئـەو گۆرانـیانە هەموویان لە دەستگای ( ماهور )ن.**

**هەروەها گۆرانیە فارسیەکانیش هەر لە دەستگای ( ماهور )ن و بریتین لە( تەسنیفی ـ مرا گوئی ـ شیعری مەولانا، ئاوازی ئەردەشێر )و( پارچە مۆسیقای ـ تندباد ـ بۆ ئۆرکێسترا ، ئـاوازی ئەردەوان )و( تەسنیفی ـ چهرە بە چهرە ـ )و( تەسنیفی ـ کلاسیك ـ بە یادی گروپی شەیدا )و( پارچە مۆسیقایەکی تـاکژەنی سەنتور لە لایەن ئەردەوان ـ چوار میزراب ـ ئـاوازی ئەردەوان )و( گۆرانی ـ فەراغی نییە بیایانی ئێمە ـ شیعری مەولانا و ئـاوازی ئەرسەلان ).**